کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:35 23-6-2007

**یادەوەری... سێوەخان**

خەوێکی پڕلەئارەزوو،
لەدوای ڕۆژەکانی ساڵەوە..
لەکردنەوەی دەرگای ژووری داخراو..
لەگەڕان بەدوای ئارەزوویەکی ونبوو...
بەدەرکەوتنی تیشك
ژووری پڕکردلەگریانی پڕئارەزوو...
پێی ووتم؟
کەی ڕۆیشتی؟
کەی هاتی... ؟
ڕەنگی ناوپێنووسەکەم قەتیس ماوە،
وەك فرمێسکە قەتس ماوەکانم...
بنووسی چی؟ بڵی چی.. ؟
بڵیماڵئاوا ژینم..
بڵی جیابوونەوەی جەستە لەڕوح..
بڵی ئەوکاتانەی لەباوەشمی،
دڵم لاتە.
بڵی ئەوکاتەی لەگەڵمای،
بیرم لاتە..
تاخەونەکان وون نەبێت،
ژیان وێنای ئارەزوەکان بکێشی و،
کۆتایی هەورەچڵکنەکان بێت و،
وەرزی هاتنەوەی پەروانەکان بێت...

سوید
2007/6/23

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.